# با منالآن له بير نه‌كه‌ين

رووداوه   سياسى و كۆمه‌لآيه‌تيه‌كانى عيراق و كوردوستان به جۆريك كاريگه‌رى له‌سه‌ر ژيانى خه‌لكى داناوه جيگاى سه‌رسوورمانه , شووناسى ئه‌م قۆناغه ته‌واو نائينسانيه‌و ده‌رهاويشته‌ى داگيركارى ئه‌مه‌ريكاو به ده‌سه‌لآت گه‌شتنى ده‌سته‌وتاقمى ئيسلامى و ناسيۆناليزمى كورد و عه‌ره‌ب و سه‌رۆك عه‌شيره‌ته‌كانه . سيماى ئيستاى كۆمه‌لگاى عيراق و كوردوستان تابلۆيه‌كه رۆژانه له هه‌ر گۆشه‌و كه‌ناريه‌كه‌وه تاوان ئه نجام ده‌دريت , خه‌لكى عيراق و كوردوستان له‌م پرۆسه‌يه‌دا  كه  تيده‌په‌ريت له لايه‌ن ده‌سه‌لآتدارانه‌وه  ئيراده‌يان په‌راويز خراوه و زياتر سه‌يركه‌رن وه‌ك ئه‌وه‌ى خه‌ريكى ديارى كردنى ئاينده‌و چاره‌نووسى خۆيان بن, ئه‌وه‌ى له عيراق و كوردوستان ده‌گوزه‌ريت  سيناريۆيه‌كه  بۆ ژيانى خه‌لك بۆته دۆزه‌خ و بۆ ده‌سه‌لآتداران دابه‌ش كردنى كورسى سه‌رۆكايه‌تى و داهات و به‌شى زۆر له وه‌زاره‌ت و جۆرى ده‌ستوور و ياسايه‌ك كه سه‌لامه‌تى داهاتوو يان مسۆگه‌ر تر بكات . له عيراق و كوردوستان  تاكو  كيشمه‌كيشى هيزه كۆنه‌په‌رسته‌كان و پيكهينه‌رانى دوو جه‌مسه‌رى تيرۆريستى تووند تربيت ژيان و مافه  فه‌ردى و سه‌ره‌تاييه‌كانى خه‌لكى به‌رته‌سك ده‌بيت , وه‌كو ئيستا كه ته‌واوى مافه‌كانى خه‌لكى وه‌ك هه‌لم به ئاسماندا چوون ,ئه‌م قۆناغه شه‌ر و كوشتن , تيرۆر و ئينسان فراندن , نائه‌منى و ترس , بيكارى و برسيه‌تى , ناديياربوونى چاره‌نووس و دله راوكى , فه‌سادى ئيدارى و كه‌مى مووچه , شايى و هه‌لپه‌ركيى ده‌سه‌لآتداران , راگه‌ياندنى چه‌واشه‌كانه , هه‌موو ئه‌م رووداوانه له  هه‌موو كاتيكى  تر زياتر  له‌م ماوه‌يه‌دا كاريگه‌رى له سه‌ر ته‌واوى  خه‌لك  داناوه و به‌شيكى ئه‌سلى ئه‌م كۆمه‌لگايه‌ى له بير چۆته‌وه و كيشه‌كانيان خراوه‌نه‌ته  كه‌ناره‌وه . **منالآن** ئه‌و ئينسانه بچووكانه‌ى كه هه‌ميشه سووته‌مه‌نى  نيو شه‌رو رووداوه‌كانن خه‌ريكه به‌هۆى ته‌پووتۆزى بۆمب و ته‌قينه‌وه و يارى بازى ده‌سه‌لآتداران مافه‌كانيان ده‌كريته تووره‌كه‌و فريده‌دريت , سه‌ره‌راى هه‌ر كاريك  هه‌موو به ئاسانى  هه‌ست ده‌كه‌ين كه **منالآن و مافه‌كانيان** لاى هه‌مووان  كالتر بۆته‌وه‌و ته‌نانه‌ت ئه‌م دياردديه به مالپه‌ر ,گۆڤار , ريكخراو, هه‌لسووراو به‌رگريكه‌رانى مافه‌كانى منالآنه‌وه دياره . زۆر مايه‌ى  سه‌ر سوورمانه له 2005/6/1 كه رۆژى جيهانى منالآنه  به ده‌گمه‌ن ووتار يان هه‌ر كاريك بۆ منالآن بيت به‌ر چاو ئه‌كه‌وت , من ئه‌زانم  له كۆمه‌لگايه‌كدا  سه‌دانى وه‌ك" **سه‌بريه و قه‌دريه**" 29 رۆژ له‌به‌ر هه‌ژارى و نه‌دارى  نانيان نه‌بيت بخۆن و به په‌له  بيانگويزنه‌وه  بۆ به‌شى فرياكه‌وتن له‌و كۆمه‌لگايه‌دا قسه  له‌سه‌ر مافه‌كانى **منالآن** هه‌نديك  زه‌حمه‌ت  ئه‌بيت . من ئه‌زانم ئه‌گه‌ر چه‌ندين  خيزان ژيانى رۆژانه‌يان  له نيو  خيمه‌و  كه‌له‌كى دار و به‌ردا به‌سه‌ر به‌رن قسه له‌سه‌ر مافه‌كانى **منالآن** به‌رته‌سك تر ده‌بيته‌وه, به‌لآم ئه‌بيت  ئه‌و راستيه‌شمان  له  بير  نه‌چيت كه  به‌رگرى له **منالآن** و مافه‌كانيان ئه‌ركى ئيمه‌يه‌و نابيت  بيلين هيچ  هه‌لوومه‌رجيك  ئه‌وانمان له بيربه‌ريته‌وه . چونكه  ده‌سه‌لآتداران و حكوومه‌ته جۆراو  جۆره‌كانيان له به‌غداوه بۆ هه‌ولير و سليمانى له سه‌ر منالآن قسه‌ى خۆيان  كردووه‌و به كرده‌وه‌ش نيشانيان داوه چيان بۆ **منالآن** پيبه , خويندنگا , شه‌قام , كۆلآنه‌كان , خيزان , مزگه‌وت , گه‌وره و كاكه , ليدان , كار , سيكس , هه‌موو ئه‌مانه ئه‌و سوونه‌ت و شوينانه‌ن كه په‌يامى ده‌سه‌لآت ده‌گه‌يه‌نيت به **منالآن** به  نائينسانى ترين  شيوه . فرميسك و مه‌رگ و پيكه‌نينى " **ئازاد ئه‌بوبه‌كر , ئارام , ئاكۆ , شه‌يما , شه‌هلا , ژيلآن , راميار, به‌مۆ , سه‌ركان , كۆڤان** " پيمان ئه‌لين گه‌وره ئينسانيه‌كان له بيرمان مه‌كه‌ن. من ليره‌دا جاريكى تر  بانگه‌وازى  ته‌واوى  ئينساندۆستان , نووسه‌ران , مالپه‌ره‌كان , بلآوكراوه و گۆڤاره‌كان , ريكخراو ئه‌حزابه‌كان, هه‌لسووراو به‌رگريكه‌رانى **منالآن**, ئه‌كه‌م كه به گورو تينيكى تره‌وه بيينه‌وه مه‌يدان نه‌يه‌لين ده‌سه‌لآتداران وا بزانن **منالآن** نيچيريكى  ئاسانى  ئه‌وانن و له مه‌يدانى كار و چه‌كداريدا به ئاره‌زووى خۆيان به‌كاريان  ده‌هينن , با به ده‌سه‌لآتداران بلين ئيمه  ليره‌ين  هه‌تا ئيمه  هه‌بين **منالآن** بى پشت و په‌نا نين و ژيانى ئينسانى و هاوچه‌رخمان ئه‌ويت بۆيان .

**هيدايه‌ت مه‌لا عه‌لى**
hidayat_malaali@yahoo.com
2005/6/19